## ((زاراوەی جینۆساید))

جینۆسـایـد زاراوەیەکە لە دوو برگە پێکهاتووە،جینۆ(Genos)وشـەیەکی گریکیە بەواتای رەگەز یا بنەچـە دێت،(caeder) وشـەیەکی لاتینیە بەواتای لەناوبردن و پاکتاوکردن دێت،هەردوو وشـەکە پێکەوە بەمانای پاکتاوی رەگەزی دێت.

بەکارهێنانی زاراوەی جینۆساید بۆ یەکەمجار لەلایەن شـارەزای یاسـایی پۆڵەندی(رافائیل لیمکین) لە مەدرید لە کۆنفرانسـێکدا لەسـاڵی (1933) بەکاریهێناوە و لە سـاڵی (1942) بەنوسـین تۆماریکردوە.ئەم یاساناسە تەواوی خێزانەکەی بەدەستی ئەڵمانەکان لەناوبردراون.

## ((جۆرەکانی جینۆساید))

1- جینۆسایدی جەستەیی:بریتیە لە کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ،بە شێوەیەکی راستەوخۆ یا ناڕاسـتەوخۆ ،وەك(گوللەبارانکردن،زیندەبەچـاڵکردن،شـونبزرکردن،لەسـێدارەدان و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ.

2-جینۆسـایدی بایۆلۆژی:بریتیە لە ڕێگرتن لە وەچـەنانەوە و زۆربوون و گەشـەسـەندنی کۆمەڵە مرۆڤێکی یەك رەگەز بەهۆی نەزۆك کردن و لەباربردنی ئافرەت و خەسـاندنی پیاوان و لێك جیاکردنەوەی ژن و پیاو بۆ ماوەیەکی درێژ.

3-جینۆسایدی کولتوری:قەدەغەکردنی زمانی زگماك و شێواندنی مێژوو و کولتوری کۆمەڵە مرۆڤێك و سڕینەوەی شوێنەواری شارستانی و مێژوویی دەگرێتەوە.

4-جینۆسایدی ئابوری: بریتیە لە برسیکردنی دانیشتوان لە ڕێگای تەختکردنی کێڵگە کشتوکاڵیەکان و لەناوبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕێگا گرتن لە کارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە خەڵکێك. جینۆسایدکردنی بارزانیەکان

لەدوای هەڵگیرسـانی جەنگی نێوان عێراق-ئێران ،ڕژێم لەزۆربەی بەرەکانی شـەڕدا شـکسـتی دەخوارد بەتایبەتی لە بەرەکانی شـەڕی کوردسـتان،ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر بەشـدارینەکردنیان لە ریزەکانی سوپای عێراق و بەشداری نەکردنی گەنجەکانی کورد لە شەڕی(قادسیە) و چوونە ڕێزی پێشمەرگە،بۆ ڕژێم بووە بارگرانیەکی گەورە لە کۆنترۆڵکردنی ناوچـەکە،بەتایبەتی لە دوای شـکسـتەکانی سـوپای

عێراق لەبەرەكانی حاجی ئۆمەران ، بۆ رژێم بووە بیانویەك بۆتۆڵە ســـەندنەوە لەكورد بەگشـــتی و بارزانیەكان بەتایبەتی ،كە گوایە هاوكاری سوپای ئێرانیان كردووە،بۆ داگیركردنی ناوچە سنووریەكانی بەرەی حاجی ئۆمەران.

لە تەمووزی ســـاڵی (1983)رژێم بە هێزێكی گەورە كە پێكهاتبوو لە دەزگا ئەمنیەكان و گاردی كۆماری ،گەمارۆی هەردوو كۆمەڵگەی (قودس و قادسیە)لە شارۆچكەی قوشتەپە كە بارزانییەكان تێدا نیشتەجێبوون.

دەســتیكرد بەگرتنی نێرینەی تەمەن (15)ســاڵی تاكو پیرەمێردی (90)ســاڵی ، راپێچـكراون و بەرەو شـــوێنی نادیار بردران.لە مانگی ئابی هەمان ســـاڵ،پەلاماری كۆمەڵگە زۆرە ملێیەكانی (بەحركە و هەریر و دیانە)ی داو نێرینەكانیان دەستگیركرد و بە پاسی گەورە بەرەو باشوور رەوانەكران.لە مانگی تشـــرینی یەكەم دووبارە هەڵیان كوتایەوە ســـەر هەردوو كۆمەڵگەی (قودس و قادســـیە) بۆ ئەو مێردمنداڵانەی كە جاری پێشوو دەسگیر نەكرابوون ئەمجارە هەموویان د ستگیركردن.لەم پەلامارانەی گرتن و راوەدونان،نزیكەی (8000)نێرینەی بارزانی لە گەنج و پیر بەســـاغ و نەخۆشـــەوە ،تەنانەت ئەوانەی كە لەرووی دەرونیشـــەوە تەواو نەبوون دەســـگیركران و شـــون بزركران.بە پێی بەڵگەنامەكان ئەو پیاوە بارزانیانەی كە تەمەنیان لەســـەرووی (15)ســـاڵییەوە بوون رەوانەی بەغدا كران لە دادگادا بەتۆمەتی شۆرش كردن حوكمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپاندن.

(زیندە بەچاڵكردن)

بارزانیەكان بە شــێوازی جیاجیا زیندە بەچـاڵكران،بەپێی راســپاردەكانی بەرێوەبەری ئەمنی گشــتی لەسەرەتای مانگی ئابی (1983)فەرمانی لە سێدارەدانیان بەسەر بەشێكیان جێبەجێكرا و بەشەكانی دیكەش بە شێوازی جۆراوجۆر لە بیابانی (بوسەیە)لە باشووری رۆژئاوای عێراق زیندە بەچاڵكران.

لەدوای روخانی رژێم لە ساڵی(2003) لە مانگی تشرینی یەكەمی (2005) بە رێورەسمێكی شایستە، تەرمی (513)كەس ،كە لە گۆڕە بە كۆمەڵەكانی بیابانی بوسەیە زیندە بەچاڵكرابوون ، گەرێندرانەوە زێدی باب و باپیرانیان لە نزیك بارزان دووبارە بەخاك سپێردرانەوە.